پژوهشنامه ادبیات کردی
بهـــار و تابستـــان ۱۳۹۹
سال ٦، شماره ۱، پیاپی ۹

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2020
Vol. VI, No. 1, Series 9
Archive of SID

# کەلەپوور لە شیعری نوێی کوردیدا: خوێندنەوەی بەرهەمی کاکەی فەللاح بە نموونە

فەرهاد قادر کەریم[1]

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ١٦ فروردین ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲ شهریور ۱۳۹۹؛ صص ۱۳۱- ۱۵۲
DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.290

## کورتە

کەلەپووری نەتەوەیی هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شاعیرانی نوێی کورد. ئەمەش لەو باوەڕەیانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە دووتوێی کەلەپووردا کۆمەڵێک لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی و تەنانەت پەروەردەیی گەلی کورد ڕەنگیداوەتەوە و ئەو زانیاریانەش ڕەگێکی قووڵیان لە ناو گەلدا داکوتاوە و بە زمانێکی سادە دەربڕاون و شەقڵی نەتەوەییان وەرگرتووە. کاکەی فەللاح-یش وەکوو یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکان لە گرنگیی ئەم سامانە نەتەوەییە گەیشتووە و هەوڵیداوە بەپێی پێویستی پەیام و تاقیکردنەوە شیعرییەکانی سوود لە بەشە جیاوازەکانی کەلەپوور (پەندی پێشینان، ئەفسانە، شیعر، داستان و گۆرانی، چیرۆک، دابونەریت و هتد) وەربگرێت و لە ڕێگەیانەوە سەردەمەکەی خۆی بە ڕابردووەوە گرێبدات و ئەو ڕاستییە بەرجەستەبکاتەوە کە ئێستا ئەڵقەی پێکەوە گرێدانی ڕابردوو و ئایندەیە. بۆ ئەم مەبەستە، بە پێویستمان زانی لەم توێژینەوەیەماندا، کە لە ژێر ناوی «کەلەپوور لە شیعری نوێی کوردیدا: شیعرەکانی کاکەی فەللاح بە نموونە»ـیە، هەوڵبدەین چۆنێتی و چەندێتیی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ کەلەپووری نەتەوەییدا دەستنیشان بکەین.

**وشەگەلی سەرەکی:** کەلەپووری نەتەوەیی؛ کاکەی فەللاح؛ شیعری نوێی کوردی؛ پەندی پێشینان؛ ئەفسانە؛ شیعری فۆلکلۆریک.

## چکیده

میراث ملی همیشه منبع مهمی برای پربار کردن تجربه‌ی شاعران نوگرای کرد بوده است. این مسأله نیز از این باور سرچشمه گرفته است که در درون هر میراثی بعضی از وجوه درونی و اجتماعی و روشنفکری و فکری و سیاسی و حتی آموزشی و پرورشی کردها مؤثر بوده است. تمام این اطلاعات عمیقا در جامعه ریشه دوانیده و به زبان ساده بیان شده و مهر ملی گرفته است. کاکه فلاح به عنوان یکی از شاعران نوگرا در ادبیات کردی اهمیت این سرمایه‌ی ملی را درک و تلاش کرده است تا برحسب ضرورت مضمون و مفاهیم شعرهایش، از بخش‌های مختلف این میراث همچون پند پیشینیان، افسانه، شعر، داستان و آواز، رسم و عادت و ... سود جوید و از این راه حال خود را به گذشته پیوند دهد و این حقیقت را برجسته کند که حال حلقه‌ی ارتباطی گذشته و آینده است. به همین سبب ضروری می‌نماید کیفیت و کمیت دادوستد شاعر با میراث ملی مورد کنکاش قرار گیرد.

**واژگان کلیدی:** میراث ملی؛ کاکه فلاح؛ شعر نو کردی؛ پند؛ افسانه؛ شعر فولکلوریک؛ داستان.

[1]. پرۆفیسۆری زمان و وێژەی کوردی، زانکۆی گەرمیان، کەلار، کوردستانی عێراق
farhadq97@yahoo.com

www.SID.ir

Archive of SID

## ١ـ پێشەکی

کەلەپووری میللی هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شاعیرانی نوێ. ئەمەش لەو باوەڕەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەمیشە لە دوو توێی کەلەپووردا کۆمەڵێک لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی و تەنانەت پەروەردەیی گەلی کورد ڕەنگی‌داوەتەوە و ئەو زانیاریانەش بە زمانێکی سادە و ساکار دەربڕدراون و ڕەگێکی قووڵیان لە ناو گەلدا داکوتیوە. هەر بۆیە، کاکەی فەللاحیش، وەکوو یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکان، لە گرنگیی ئەم سامانە نەتەوەییە گەیشتووە و هەوڵی‌داوە بەپێی پێویست لە بیر و تاقی‌کردنەوە شیعرییەکانیدا سوود لە بەشە جیاوازەکانی کەلەپوور وەربگرێت و لە ڕێگەیانەوە سەردەمەکەی خۆی بە ڕابردووەوە گرێ‌بدات و ئەو ڕاستییە بەرجەستەبکات، کە ئێستا ئەڵقەی پێکەوەگرێدانی ڕابردوو و ئایندەیە. لە بەر دەگمەنیی توێژینەوە لەم بوارەدا، بە پێویستمان زانی پشت‌بەستوو بە ڕێبازی وەسفی-شیکاری، ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناوی «کەلەپوور لە شیعری نوێی کوردیدا: شیعرەکانی کاکەی فەللاح بە نموونە» ئەنجام بدەین.

بۆ ئەو مەبەستە، توێژینەوەکەمان دابەش‌کردووەتە سەر دوو بەش؛ بەشی یەکەم، لە ژێر ناوی «کەلەپوور لە شیعری نوێی کوردیدا»، بە نموونە شیعرییەکانی پیرەمێرد و گۆران تیشکمان خستووەتەسەر ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لە شیعری نوێی کوردیدا؛ ئەمەشمان کردووە بە دەروازەیەک بۆ چوونە نێو بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان، کە بە ناونیشانی «کەلەپوور لە شیعرەکانی کاکەی فەللاحدا»ـیە و زۆر بە وردی باسی چۆنێتی و چەندێتیی سوودوەرگرتنی شاعیر لە بەشە جیاوازەکانی کەلەپوور (پەندی پێشینان، ئەفسانە، گۆرانی و حیکایەت یا سەرگوزەشت، داب‌ونەریت، یاری) کردووە. بۆ هەڵهێنجانی نموونەکان پشتمان بە دیوانە شیعرییەکانی شاعیر بەستووە و کەم و زۆر بە لای ئەو بەرهەمە شیعریانەیدا نەڕۆیشتووین کە بۆ مەبەستە پەروەردەییە جیاوازەکان پێشکەشی منداڵانی کردوون. بۆ تەواوکردنی کارەکەمان پشتمان بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆر بەستووە و لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو کە پێیان گەیشتووین.

## ٢- کەلەپوور لە شیعری نوێی کوردیدا

کەلەپوور ئەو سامانە گەورەیەی گەلە، کە دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە و هەموو قۆناغێک شەقڵی خۆی پێ بەخشیوە؛ هەر بۆیە بە بەرهەمی گەل دەناسرێت و دەبێتە کەرەستەیەکی باش بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونی و فیکری و هتد هەر نەتەوەیەک. کورد یەکێکە لەو میللەتانەی کە خاوەنی کەلەپوورێکی دەوڵەمەندە. ئەم ڕاستییە سەرنجی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بە لایەنێکی گەشی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییان زانیوە (بڕوانە: مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٩). ئەمەش وای‌کردووە ببێتە سەرچاوەیەکی خۆماڵیی گرنگ بۆ شاعیران و لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانیاندا پەنابەنە بەر بەشە جیاوازەکانی کەلەپوور. ئەم سوودلێ‌وەرگرتنەش تەنها لە سنووری قۆناغ و سەردەمێکی شیعریدا نابینرێت؛ بەڵکوو لە هەموو سەردەمێکدا دەکرێ ئاوڕی لێ‌بدرێتەوە و بەرجەستەبکرێت. لەو بارەیەوە گۆرگی دەڵێت «بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆر، واتە لە ئەدەبی خەڵکدایە. فۆلکلۆر کەرەستەیەکی خاوی مەزن و کان

www.SID.ir

Archive of SID

و سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران؛ گەر بە باشی لە ڕابردوو بگەین، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر زەنگین ئەبێ» (۹).

شاعیری لێهاتوو دەتوانێت هەموو کاتێک بەرگێکی نوێ بە بەر فۆلکلۆردا بکات. ئەمەش لە لایەکەوە بۆ ئەو بەها مرۆڤایەتی و نەتەوەییە کە لە بەشێکی کەلەپووردا ڕەنگیداوەتەوە و لە لایەکی تریشەوە بۆ ئاشنابوونی تاکی گەل بە ڕەهەندە واتاییە دەوڵەمەندەکانی ئەو سامانە دەگەڕێتەوە؛ چونکە یەشار کەمال واتەنی، «فۆلکلۆر یەکێکە لە پایە بنچینەییەکانی زانستی ئینسانی، بەڵکوو هەوەڵیانە» (حوسێن، ۲۰۰۷: ۷). شاعیریش خاوەنی هەستێکی ناسکە و هەمیشە بە دوای بەها مرۆڤایەتییەکانی وەک خۆشەویستی، ئازادی، ئاشتی، دادپەروەری، پێکەوەژیان، ڕاستی، خۆشی و هتد دەگەڕێت. لەمەشدا فۆلکلۆر بە یەکێک لە باشترین گوڵەکان دەزانێت بۆ ئەوەی شیلەی شیعریی لێ دروستبکات؛ بۆیە جارێک سوود لە پەندی پێشینان و ئەفسانە وەردەگرێت و تاوێکیش سەردەکا بە ماڵە دەوڵەمەندەکەی گۆرانیدا، کە بناغەکەی شیعری فۆلکلۆرییە و هەندێ جاریش سوود لە حیکایەت وەردەگرێت و گیانێکی سەردەمیانەی دەکا بە بەردا و جارجارەش ڕوو لە دابونەریت و یارییەکانی کوردەواری دەکات و لە بۆتەی دەقێکی نوێدا بەرجەستەیان‌دەکاتەوە. لە هەموو ئەو بەکارهێنانەشدا پەیام و ئەندێشە و تاقیکردنەوە شیعرییەکە ڕۆڵ لە چەندێتی و چۆنێتیی وەرگرتنەکەدا دەبینن؛ بۆیە ئاساییە گەر شاعیر بۆ گەیاندنی واتایەکی جیاواز یا پێچەوانەی دەقە فۆلکلۆرییەکە بەکاریبهێنێت.

بەم چەشنە، کەلەپوور دەبێتە یەکێک لە سەرچاوە دیارەکانی شیعری نوێی کوردی. ئاوڕدانەوەی شاعیرانی نوێ لەم سامانە بۆ دەستەمۆبوونیان لە بواری داهێناندا ناگەڕێتەوە؛ بەڵکوو لە لایەکەوە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی بۆ زیندووکردنەوەی سامانە نەتەوەییەکە و لە لایەکی تریشەوە، لەو باوەڕەیانەوە هەڵقوڵاوە کە دەست‌گرتن بە کەلەپوورەوە جۆرێکە لە بەگژداچوونەوەی دوژمنانی گەل؛ ئەو دوژمنانەی کە هەموو ئامانجێکیان لەناوبردنی کورد و کەلەپوورە میللیەکەی بووە. ئەمەش بە ڕوونی لە شیعری کوردیی سەدەی بیستەمدا ڕەنگیداوەتەوە؛ ئەو سەدەیەی کە تیایدا نەک هەر کورد دابەش‌کرا، بەڵکوو ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی زوڵم و ستەم و لەناوبردن بوویەوە.

لە چارەکی یەکەمی ئەو سەدەیەدا و لە باشووری کوردستان، دوو جار شێخ مەحموودی نەمر حکوومەتی پێکەوەنا. ئەم واقیعە سیاسییە نوێیە قۆناغێکی ڕۆشنبیری هەمەلایەنەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەکایەوە و سلێمانی جووڵەیەکی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعری و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی بەخۆیەوە بینی. ئەم جووڵە نەتەوەییە لە ڕووی چۆنێتییەوە جێ‌پەنجەی بەسەر شیعری نوێی کوردی، کە دواتر لە سییەکانی هەمان سەدە و لەسەر دەستی گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵەح و پیرەمێرد و هاوەڵەکانیان پەرەی پێدرا، دیارە و بوو بە خاوەنی شەقڵی تایبەت بە خۆی و لە سیمای ئەو شەقڵەشدا بە ڕوونی شوێنەواری کەلەپوور دەبینرێت. جا ئەمە لە ڕووی ئاواز و زمانەوە خۆی لە گەڕانەوە بۆ کێشی برگەیی (نەتەوەیی) و جووت‌سەروا و زمانێکی پاراو دەبینێتەوە کە، هەروا کە گۆران سەرنجی بۆ ڕاکێشاوە، دوو سیمای دیاری شیعری فۆلکلۆری کوردین (بڕوانە: ئاشنا، ۲۰۰۲: ۲۸).

www.SID.ir

Archive of SID

ئەوا لە وردبوونەوەمان بۆ ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکانی ئەو قۆناغە، دەبینین گەلێک بەشی تری کەلەپووری کوردیان ئاوێتەی دەقەکانیان کردووە و لە بەرژەوەندیی لایەنی بیری و هونەریی دەقەکانیان بەرجەستەیان کردووە. بە لایانەوە «شاعیری نوێ کاتێک مامەڵە لەگەڵ کەلەپووردا ئەکا، وەک بەهایەکی بێ گیانی ڕووت یان شێوە و قاڵبێکی ئامادە مامەڵەی لەگەڵدا ناکات؛ بەڵکوو وەک کەرەستەیەکی زیندوو، کە خاوەنی ڕەهەندگەلێکی فیکری و ئیستاتیکی و کارایە لە بنیاتی دەقی نوێدا، سوودی لێوەردەگرێت» (میراوی، ٢٠١٥: ٤٨)، بە مەبەستی ئەوەی بە شێوەیەکی پراکتیکی سوودوەرگرتنی شاعیرانی نوێی کورد لە کەلەپوور دەستنیشان‌بکەین، وای بە باش ئەزانین ڕوو لە دەقەکانی هەر دوو شاعیر، گۆران و پیرەمێرد، بکەین و چەند نموونەیەک بەرچاوبخەین.

**٢-١- پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)**

پیرەمێرد دیارترین شاعیری نوێی کوردە کە بەشێکی ژیانی بۆ بایەخدان بە کەلەپووری کوردی تەرخان کردووە و لەم بوارەدا سامانێکی گەورەی بۆ بەجێ‌هێشتووین. هەریەک لە بەرهەمەکانی (*پەندەکانی پیرەمێرد، دوانزەسوارەی مەریوان، مەحموود ئاغای شێوەکەڵ و گاڵتەوگەپ و مەتەڵ*) نموونەی دیاری ئەم بایەخ‌پێدانەن. ئەم لایەنە بە ڕوونی لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەشی، *ژین*دا ڕەنگی‌داوەتەوە. هەربۆیە، بە لامانەوە ئاسایی دەبێت، کاتێک دەبینین لە نێو بەرهەمە شیعرییەکانیشیدا بەشە جیاوازەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردووە؛ بەو پێیەی «پیرەمێرد شارەزایەکی باشی ڕۆشنبیری و ئایینی و پەندی پێشینان و حیکمەت بووە؛ بە توانا و کارامەیی و لێهاتوویی خۆیشی هەوڵی‌داوە چەندین وتەی کورت دابنێت کە لە پەندەوە نزیکن» (محەمەد مەحموود، ٢٠١٢: ١٥٠). شاعیر لە دەقی پۆشیدە، سوود لە ئەفسانەی کوردیی «مانگ‌گیران» وەردەگرێت، کە لە کۆندا وا لێکدراوەتەوە بۆ ئەوەی بەرببێت پێویستە خەڵکی تەقە بە ئاسماندا بکەن و لە تەپڵ و دومەڵەک بدەن؛ چونکە بەوە دەگەڕێتەوە سەر دۆخی سروشتیی خۆی (بڕوانە: ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٠٧: ١٣٢-١٣٣).

زوڵف کـە ڕووی داپۆشیـایـە، بـانگ و هاواریــان ئەکــرد
خەڵکە مانگ گیـرا لـە تەپڵ و دومەڵەک دەن دەست‌وبرد
(پیرەمێرد، ٢٠١٠: ١٩١)

شاعیر زۆر هونەرمەندانە سوودی لە ئەفسانەکە وەرگرتووە و لە خزمەت بیرە لیریکییەکەی شیعرەکەیدا لە دووتوێی وێنەیەکی شیعری دڵگیردا بەرجەستەی‌کردۆتەوە. لە داڕشتنی وێنەکەدا هونەری چواندن ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە؛ ڕووی یار بە مانگ و زوڵفی بە گیرانی مانگ چواندووە؛ تا ئێرە وێنەیەکی ئاسایی و دووبارەیە؛ ئەوەی نوێگەریی بە وێنەکە بەخشیوە «لە تەپڵ و دومەڵەک‌دانە» کە وابەستەی کرداری «مانگ‌گیران» کراوە و لە ئەفسانەکەوە سەرچاوەی‌گرتووە. بەوەش شاعیر پەرۆشی و نائارامیی خەڵک بۆ لاچوونی زوڵف لەسەر ڕووی مانگ‌ئاسای یار دەردەبڕێت. پیرەمێرد لە دەقی «بالۆرێ»دا دەڵێت:

مـەلای مـەزبووره چووبووە ســەر دارێ    لقێکـی ئەبــڕی، بیکــا بــە بــارێ

www.SID.ir

Archive of SID

ئەیویست ئەو لقەی خۆی وا لە سەری        لە بن‌دا ببڕێ عەقڵی وای بڕی
ڕێبوارێ پێی‌گوت: مەلای سەرداریێ        ئەو لقە ببڕی ئەکەویە خواریێ
مەلا لێی نەبیست سا ئەو بەڕێ‌بوو        ئەم لەگەڵ لقدا سەرەنگرێ‌بوو
کە کەوتە خوارێ وتی: ئەم پیاوە        لە غەیب ئەزانێ، وەلیی تەواوە
ڕای‌کرد، چوو پێی‌گوت: کەرامەتدارێ!        تۆ کە زانیت من ئەکەومە خوارێ،
ئەڵبەت ئەیشزانی کە من کەی ئەمرم        توخوا پێمـ بڵێ، لەبەرت مرم
وتی: عومری تۆ پێت بڵێم چەندە؟        بە سێ بای زگی، ئەو کەرە بەندە
منیش بەوانەی کە قۆپۆن ئەکرن        ئەڵێمـ لقی ژێر خۆتان ئەبڕن
میللەت دارێکە، کە سێبەردارە        چۆن لق و پۆپی ئەشکێ ئەو دارە؟
دەستی داد زۆریان ئەخاتە خوارێ        کەچی عار نانێن بە کەوتنی جارێ
وا چاکە بە داخ نیشانەیان کەن        کە عاریان نەنا ڕەوانەیان کەن
(پیرەمێرد، ۲۰۱۰: ٥٤٤)

شاعیر بەتەواوی سوودی لەو حیکایەتە فۆلکلۆرییەی مەلای مەزبوورە یا مەشهوورە بینیوە؛ ئەو چیرۆکەی باس لە بڕینەوەی دارەکەی ژێر خۆی دەکات و کردوویەتی بە ئامرازێکی شیعریی بۆ گەیاندنی بیرەکەی خۆی. شاعیر زۆر هونەرمەندانە حیکایەتە فۆلکلۆرییەکەی بە پەیامی سەرەکی دەقەکەیەوە گرێ‌داوە؛ بە چەشنێک خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی دەقەکە و لایەنە هونەرییەکەشی وەردەگرێت. شاعیر مەبەستێتی دژی ئەو کەسانە بوەستێتەوە، کە کۆپۆنی خۆراکی خەڵک بە هەرزان دەکڕن و پێی‌وایە کاری ئەو جۆرە مرۆڤە چاوچنۆکانە هاوشێوەی کارەکەی مەلای مەزبوورەیە و میللەتیش وەک دارەکە وایە کە نابێت زیانی پێ بگەیەنرێت؛ بۆیە لە ئاکامدا قۆپۆن/ کۆپۆن‌کڕەکان خۆیان دەبنە قوربانی.

### ۲-۲- گۆران (۱۹۰٤-۱۹٦۲)

ئەو شاعیرەیە کە شیعری نوێی کوردیی خستە سەر ڕاستەڕێ و بە هەموو جۆرێک خۆی بۆ نوێکردنەوەی شیعر تەرخان کرد. لای ئەمیش کەلەپوور ئامادەییەکی تەواوی هەیە، هەر لە ڕووی زمانەوە گۆران دەیان دەربڕینی کوردانە، کە سەرچاوەکەیان پەند و قسەی نەستەق و حیکایەتە لە بۆتەیەکی شیعریی ڕازاوەدا دەردەبڕێت. وەک هەریەک لە «خۆزگەم بە پار، دەک لاڵ بم، پاروو لە دەم فڕێنە، کلک بۆ ناوگەڵ، دەستم بە دامانت و هتد. گۆران کە سەرئامەدی نوێخوازییە لە شیعری

www.SID.ir

Archive of SID

کوردیدا، چەشەیەکی کوردی جوان لەنێو شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت. هەربۆیە شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵڵا لە ئاوازی بتهۆڤن زیاتر بە ڕۆحی ئاشنایە:

ئەوەندەم بیست لــە مۆسیقـا خرۆشـی ڕۆحــی بێگانــە
میزاجــی کــوردەواریم تێکچــووە، دەروێش عەبــدوڵڵا،
دەخیلت بم دەسـا بــەو لاوک و ئـایئـــای و حەیرانــە
شەپۆلی زەوقــی میللی پــڕ دەروونی مـات و چۆڵم کــە!
لـە بیتهۆڤن گەلـێ زیاتــر بــە ڕۆحمـــــ ئاشنـــای، وەڵڵا
دە ئەی دەروێش، سکاڵایەک لـە گەڵ ڕۆحی کڵۆڵم کـە!
(گۆران، ١٣٨٤: ١١٢)

شاعیر دەزانێت ڕۆح و سۆزی بە هەستی کوردانە پەروەردەکراوی، بە ئاوازی بێگانە تێر نابێ، بەتایبەتی ئەگەر هات و ئەزموونە شیعرییەکە وابەستەی نائارامییە کەسییەکانی شاعیر بن. ڕەنگدانەوەی ئەفسانەکانی تایبەت بە «کاوە و زوحاک، شیرین وفەرهاد، لەیل و مەجنوون، مەم و زین و هتد» لای شاعیر بەشێکن لەو سامانەی لە فۆلکلۆرەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە دەقی «زیندانی ئەژدەهاک»ـدا بەرگێکی شیعری کردووە بە باڵای ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکدا. لە ئەفسانەکەدا هاتووە «شاهنشای زۆردار، زەحاک، تووشی نەخۆشییەکی قورسی سەیری ئەفسانەیی بوو، لەسەر هەر دوو شانی دوو مار شین بووبوون، لەسەر مێشکی ئادەمیزاد دەژیان. زەحاک فەرمانی دەرکردبوو هەموو ڕۆژێ سەری دوو مێردمنداڵ ببڕن و مێشکیان دەربێنن بۆ ئەوەی ببێ بە خۆراکی مارەکان» (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٣٥/٦).

گۆران هەمان بیرۆکەی هێناوە و لە خزمەتی کەشە شیعرییەکەیدا، کە وابەستەی ستەم و نادادی ڕژێمی زوحاکئاسای پاشایەتیی عێراقی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمە، تەوزیفی کردووە. شاعیر چارەنووسی هەموو دیکتاتۆرێک لە نەماندا دەبینێت؛ بۆیە لە زینداندا بەوپەڕی ورە و گەشبینییەوە ئومێد لەسەر ڕووخانی ئەو ڕژێمە هەڵدەچنێت. ئەم ئاواتەشی دوای چەند ساڵێکی کەم هاتەدی. ئەم هیوا و گەشبینییەی شاعیر بە شکست و نەمانی زۆردار، هەر لە سەرچاوە فۆلکلۆرییەکەوە سەرچاوەی گرتووە؛ چونکە «فەلسەفەی سەخت و نەلەرزیوی خەڵکە بەرامبەر بە خراپە و زوڵمکردن و ئەنجامی زۆرداریش هەر نەمانە» (مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ١٣١).

ئـەژدەهـــاک! زینــدانت قـەڵاقـەڵایـــــە
دیـواری کۆنکــریت، دەرگـــای پـۆڵایـــە
...
ئـەژدەهـــاک ئـەی دێوی لـە بیر زراوچوو!
ئـەی ناشتای مارانت بـە مێشک کـــردوو!
ئــەو مێشکتازانـــەی زنجیــرت کـردوون،
لــە لێـوی پێچـــاڵی مەرگـــا ڕاتگــرتوون،
...
تـا ڕۆژێک ئەو خوێنـەی بـە نـاحەق ڕشتت،
ئەو بیــرەی واتزانـی ئێجگـــاری کوشتت،

www.SID.ir

Archive of SID

تــاو دەن تــەنـــووری دەمـــاری کـــاوە، ئـەو چـەکـوش‌وەشێنەی ڕۆڵـەی کـوژراوە
ئەخرۆشێ و ئەجۆشێ و کۆمەڵ یەک‌ئەخـا هــەر هەڵسـا و ئەبینــی زینـدانت ڕووخـا
(گۆران، ١٣٨٤: ٢٠١)

ئەم سوودوەرگرتنەی گۆران لە بەشەکانی کەلەپووری کوردی لە قەسیدەی «لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا»ــکەی زۆر زیاتر ڕەنگی‌داوەتەوە. شاعیر بۆ دەستپێکی دەقەکە و پێکەوەبەستنی کۆپلەکانی، شەش جار ئەم دێڕە دووپات دەکاتەوە:

ئازادیخــواز! گــری... گــری
کـەوتە ژێـر پێی درنج، پـەری
(گۆران، ١٣٨٤: ١٨٥)

کە وەکوو خۆی ئاماژەی‌پێداوە، لە بنیات‌نانیدا سوودی لەو دێڕە شیعرەی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە کە دەڵێت:

گوڵاڵە برایمە! گـری... گـری
چووینـە غـەزای نـاو گـــاوری
(گۆران، ١٣٨٤: ١٨٥)

گۆران بۆ ئەو دێڕە کە کلیل و ئەڵقەی پێکەوەبەستنی کۆپلەکانی قەسیدەکەیەتی، سەرباری ئەوەی سوودی لە دێڕە شیعرییەکەی فۆلکلۆر وەرگرتووە، بە ناوهێنانی هەر یەک لە درنج و پەری، جارێکی تر شیعرەکەی بردووەتە سەر کانی ئەفسانەی کوردی. لێرەدا درنج نموونەی هێزی شەڕ و پەریـش نموونەی هێزی خێرە (بڕوانە: مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٢٠). شاعیر شەڕی ئازادیخوازیی گەلی کۆریای کردووە بە شەڕی ململانێی نێوان هێزی خێر و هێزی شەڕ (بڕوانە: شارەزا، ٢٠٠٥: ٣٥). بۆ ئەوەش، ئمپریالیستەکانی بە درنج و میللەتی کۆریای بە پەری چواندووە. لە ڕێگەی ئەو دوو وێنەیەشەوە دەمانباتەوە نێو دونیا شیعرییەکەیەوە، کە دیمەنێکی دڕندەیی و خراپەکاریی هێزە باڵادەست و بەرژەوەندخوازەکانە. شاعیر بۆ ئەوەی ئەم وێنەیە لە بەر چاو خوێنەر قێزەوەن و نەفرەت‌لێکراو بکات، هەموو دەربڕینە هاوشێوەکان کۆدەکاتەوە و لەوێوە پێمان دەڵێت هەرچی سیمای ناشیرینی و دڕندەیی هەیە لەو هێزەدا خۆی کۆکردووەتەوە؛ بۆیە هەریەک لە وشەکانی «خوای شەڕ، ئەهریمەن، دێو، درنج» کۆ دەکاتەوە و دەیانکات بە پێچوێنراو بۆ ئەوانی ستەمکار و داگیرکەر کە چوێنراون:

خـوای شـەڕ، گوناە، سـتـەم، تـاوان ئەهرەمەنـــی گـــەورەی دێـــوان
مـام سـام خــۆی و ئەکوانـی دێـو جۆنپۆڵی پیــر، قلیــان بــە لێــو
لـەگـــەڵ سوپـــای وردەدرنــــج دایـانــــە بـــەر دەشتـــی برنــج
(گۆران، ١٣٨٤: ١٨٦)

www.SID.ir

Archive of SID

وەکوو وتمان، لە بنیاتی دەقەکەدا ئامادەبوونێکی دیاری کەلەپووری میللی هەیە. ئەم ڕاستییە دوا پەیامی دەقەکەشی گرتووەتەوە، کاتێک هەمان باوەڕ و گەشبینی شاعیر بە نەمانی ستەمکاران و سەرکەوتنی هێزی حەق دەبینین. ئەمەش لە ئەفسانەی کوردییەوە سەرچاوەی‌گرتووە، کە تێیدا «وێنەی کێشەی نێوان دێو و درنج و ئادەمیزاد دەکات بە نیشانەی ئەو کێشەیەی لە زۆر کۆنەوە لە کۆمەڵی ئادەمیزادا و لە نێوان هێزی چاکە و خراپەدا یا هێزی خراپە و بەدیدا بەرپابووە؛ بێ‌گومان هێزی چاکە، کە زۆربەی ڕەنجدەری کوردە، بەرەی ڕووناکییە و، قارەمانانی ئەم بەرەیەن لە ئەنجامدا سەرئەکەون» (موکری، ۱۹۸٤: ٤٧). بۆیە، گۆرانیش دەڵێت:

ئـەی نەتـــەوەی کـــوردی برســـی! عەرەب، هیندی، هەرکەس، هەرچی!
خۆت تونـد بگــرە، ئەی ئیستیعمـار! ئـەهــرەمـەنـــی جـــەور و ئـــازار
لــە بــەر هێـــزی حــەقخـــوراوا، هێـــزی وەک ئـاگـــر جـۆشـــاوا،
هێـــزی ڕۆژی بـەرامبـــەر شـــــەو، هیــی وریـــای بـەرامبـــەر خـــــەو،
خۆت تونـد بگـرە هێـــزی گومـــڕا! تـــــا مـەرگـــانت دێ لـەپـــــــڕا
تەپ ها! ترپەت دێ و لنگـەوقــووچ، بۆی ئەکەویت دەعبای وەک حـووچ!
(گۆران، ۱۳۸٤ ک.: ۱۸۹-۱۹۰)

**۳- کەلەپوور لە شیعرەکانی کاکەی فەللاحدا**

دوای پیرەمێرد و گۆران، کاکەی فەللاح شاعیرێکی نوێخوازی ترە کە بایەخی زۆر بە کەلەپوور داوە و ئاوێتەی بە تاقی‌کردنەوە شیعرییەکانی کردووە. بە بڕوای ئێمە ئەم بایەخپێدانەی، سەرباری باوەڕبوونییە بە دەوڵەمەندیی ئەو سامانە نەتەوەییە. وەک خۆی دەڵێت، «لە شیعر و ئەدەب و تێکڕای ژیاندا باوەڕم بە گۆڕین و پێشکەوتن و نوێبوونەوە هەیە و نوێ لە منالْدانی کۆندا دروستبووە و ڕەوا نییە وەک سامان و کەلەپووری نەتەوایەتی نە هەمووی فڕێبدەین و نە باوەشیش بۆ هەمووی بگرینەوە؛ ڕاست وایە تەنها سامانی باش و بەکەڵک و زیندوو بقۆزینەوە و ئاوێتەی بەهرە و هونەر و چێژ و پێزی خزمەت و بەرهەمی سەردەمی خۆمانیان بکەین» (کاکەی فەللاح، ۱۹۸۰ب: ۲۰٤).

هەروەک لەم ڕێچکەیەدا، کاکەی فەللاح بەدەر نەبووە لە کاریگەربوونی بە پیرەمێرد. لەم ڕووەوە عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ ئاماژە بەوە دەکات کە کاکەی فەللاح لە زۆر ڕووەوە شوێن‌پێی پیرەمێردی هەڵگرتووە (بڕوانە: کاکەی فەللاح، ۱۹۸۰ئەلف: ۳۸). جا ئەگەر ئەو شوێن‌پێ‌هەڵگرتنە لە ڕواڵەتدا خۆی لە چاپ‌کردنەوەی پەندەکانی پیرەمێرد و کردنەوەی کتێبخانەکەی و دەرکردنەوەی ڕۆژنامەکەی ژیندا ببینێتەوە، ئەوا لە کرۆکدا خۆی لە بایەخدانی شاعیر بە بەشە جیاوازەکانی کەلەپوور و ڕەنگرێژکردنیان لە شیعردا، دەنوێنێت. بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونە بسەلمێنین، وا باشترە ڕاستەوخۆ ڕوو لە دەقەکانی شاعیر بکەین و بە پێی بەشە جیاوازەکانی کەلەپووری میللیمان لێیان بدوێین.

www.SID.ir

Archive of SID

### ۳-۱- پەندی پێشینان

پەندی پێشینان دەربڕینێکی کورت و پوختە بە زمانێکی سادە و داڕشتنێکی چڕەدبڕاوە و شوێنەواری ئەزموونێکی گەورەی پێوە دیارە. ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ گواستنەوەی دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر «لەم سامانەدا جۆری بیرکردنەوەی گەلی کورد و باری کۆمەڵایەتی ژیانی بە ئاشکرا دیارە» (ڕەسووڵ ئیبراهیم، ١٩٨٤: ٥)، ئەمەش وای کردووە بگەینە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین ناوەڕۆکی پەندەکان هێندە بەرفراوان و هەمەلایەنن، باوەڕناکرێت لایەنێک مابێت کە ئاوڕی لێنەدابێتەوە و باسی نەکردبێت. بە هۆی ئەو کورتی و پوختییە، شاعیران پەنای دەبەنەبەر و ئاوێتەی شیعرەکانیانی دەکەن. لەمەدا توانا و کارامەیی شاعیر و کەشە شیعرییەکەی ڕۆڵ لە چۆنێتیی بەرجەستەکردنیاندا دەبینن.

کاکەی فەللاحیش وەک هەر شاعیرێکی نوێخواز، بایەخێکی زۆری بە پەندی پێشینان داوە و ئاوێتەی شیعرەکانی کردووە. وردبوونەوە لە دیوانەکەی، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەخاتەڕوو کە کاکەی فەللاح لە هەموو بەشەکانی تری فۆلکلۆر زیاتر گرنگیی بەم بەشە داوە و بەکاریهێناون؛ نەک هەر ئەوە، بەڵکوو شارەزایی شاعیر لە بەها و گرنگیی پەندی پێشینان و ناوەڕۆکەکانی وای کردووە هەندێ جار سەراپای دەقێکی بە نەفەسی پەندئاسا دابڕێژێت (بڕوانە دەقەکانی سەرنجێک، دووربینی، فەلسەفەی ژیان، تێبینی، سۆزی خۆشەویستی: کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ١٠٥-١٠٧، ١١٣، ١١٦-١١٨). شاعیر لە دەقی «ڕۆژێکی نوێ»دا، کە بە هۆی کۆتاییهاتنی ڕژێمی پاشایەتیی عێراق و هاتنی ڕژێمی کۆماریی عەبدولکەریم قاسم نووسیویەتی، دەڵێت:

هەوری چڵکن و تەم و غوبـاریش خۆیـان دڵنیـان
هەرگیزاوهەرگیز ڕووی ڕۆژی وا نوێ ناگیرێ پێیـان
(کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ٧٤)

شاعیر سوودی لەو پەندە کوردییە وەرگرتووە، کە دەڵێت «بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێت» و بە دەستکارییەوە لە بەرژەوەندیی بیری دەقەکەدا دەستکاریی کردووە و لەبری بێژنگ، هەوری چڵکنی داناوە، کە ڕەمزە بۆ دوژمنانی ئازادی. وەکوو دەزانرێت گەلانی عێراق بەگشتی و، کورد بەتایبەتی، هیوایەکی زۆریان لەسەر ڕژێمەکەی قاسم هەڵچنی؛ کاکەی فەللاح-یش هەر بەو هەستە بیری دەقەکەی ئاوداوە. شاعیر لە دەقێکی تردا بە ناوی «مەردایەتی»، سوود لە چەند پەندێکی پێشینان وەردەگرێت و دەڵێت:

زمـــانم بـــا نەجووڵێنم، کـــە جـــووڵانم قســـەی پێیـــە
لـــە گـــوللەی خۆت بپارێزە، تفەنگێکـــە و لەسەرپێیـــە
...
سەرنجی پەنـــدی کـۆنت بە برای کـوردم کە کـۆن نابێ
«کـــە مـــردن مـــردنە ئیتـــر چییـــە ئـەم لنگـــە فرتێیـــە»
«کە ئازا جارێ ئەمرێ، ترسنۆکیش ڕۆژی دووسەد جار»
لـــە ژین و مـردنی مـــەردی دڵـی تـــۆ بۆچـی کـــرمێیە؟
(کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ٨٠-٨١)

www.SID.ir

Archive of SID

تێکڕای دەقەکە ڕەنگپێدەرەوەی ناونیشانی سەرەکیی دەقەکەیە. یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی مرۆڤی کورد، کە زۆر لە پەندی پێشیناندا دەبینرێت، هەڵبژاردنی ژیانی سەربەرزانە و مەردانەیە. کاکەی فەللاح لەو دێڕانەی سەرەوەدا سێ پەندی پێشینانی بەرجەستەکردووە:

١- قسە وەک گوللەیە، لە دەم دەرچوو ناگەڕێتەوە؛

٢- مردن مردنە، لنگەفرتێ چییە (بڕوانە: ڕەسووڵ ئیبراهیم، ١٩٨٤: ٧٣)؛

٣- ئازا هەر جارێک ئەمرێ، ترسنۆک سەد جار (٧٣).

شاعیر لە بەکارهێنانی پەندی یەکەمدا، مەبەستێتی نەیارەکانی ئاگاداربکاتەوە، کە لە توانایدایە وەڵامی جەرگبڕ و بێدەنگ‌کەریان بداتەوە؛ هەربۆیە هۆشداریان دەداتێ. لێرەدا بیرۆکەی پەندەکەی فراوان کردووە؛ ئاگایانە زمانی خۆی بە تفەنگ چواندووە، بەڵام تفەنگێک لە دۆخی سەرپێی و ئامادەییدا؛ ئەم ئامادەییە لە دەربڕینی «زمانم با نەجووڵێنم»ـیش، کە دەروازەی دەقەکەیە خۆی دەنوێنێت. بە واتایەکی تر، ئەگەر پەندە کوردییەکە هۆشداری بە قسەکەر بدات کە پێویستە ئاگای لە ئاخاوتنەکانی بێت بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی بریندار نەکات، کاکەی فەللاح ئەم هۆشدارییە بە گوێگر دەدات؛ ئەمەش بە هۆی کەشی دواندەرانەی دەقەکەوەیە؛ چونکە وا دەردەکەوێت کە شاعیر لە وەڵامی کەسانێکی ترسنۆکدا نووسیویەتی. ئەمەش دەرگای بۆ هاتنەناوەوەی ئەو دوو پەندەکەی تر کردووەتەوە، کە بیرۆکەی لە یەکتر نزیکیان هەیە و هەردووکیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە مرۆڤی ڕاستەقینە دەبێ ئازا و چاونەترس و بوێر بێت.

پەیامی شاعیر لە کۆکردنەوەی ئەم پەندانەدا ئەوەیە کە بەها و ئاکارە بەرزەکانی وەک مەردایەتی، بوێریی، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی نەبەستراون بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە؛ بەڵکوو پێویستیی هەموو شوێن و سەردەمێکن و دەبێ ئەو خەسڵەتانە لە مرۆڤی باڵادا هەبن. بەکورتی، شاعیر لە بەکارهێنانی پەندەکاندا دوێنێی بە ئەمڕۆوە گرێداوە. یەکێکی تر لەو دەقانەی شاعیر، کە تیایدا سوود لە پەندی پێشینان وەرگیراوە، دەقی «لە زمان جوانەمەرگێکەوە»ـیە، لەساڵی ١٩٦٥، بۆ شەهیدێکی جوانەمەرگی نووسیوە؛ تێیدا دەڵێت:

گەرچی باوەڕم وایــە کاســە پــڕبوو لێی ئەڕژێ
کاســەی خوێنــی ڕژاوی ناهــەق پــڕ و لێوانــە
بە گەرمی خوێنی ئاڵی جوانەمەرگی خێرنەدیــو
ئەسووتــێ تەخت و بەختــی ئەوەی کـەوا تاوانــە
(کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ١٦٩-١٧٠)

ئەم پەندە «کاسە پڕ بوو، لێی ئەڕژێ»، ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە «کاتێ لە دەروونی مرۆڤدا چەوسانەوە پەنگ‌ئەخواتەوە، بێ‌گومان خۆڕاگرتن دەبێتە شتێکی نسبی؛ هەتا وای لێ‌دێ چەند چەوسانەوە زۆر بێ، مەسەلەی خۆڕاگرتن لە ئەنجامدا ئەبێتە تەقینەوە، کە یەکسانە بە یاخی‌بوون و هوشیاری و مرۆڤ پلەپلە دەگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی ئەو پەندە بڵێت» (ڕەسووڵ ئیبراهیم، ١٩٨٤: ٧٢).

www.SID.ir

Archive of SID

ئاشکراشە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بوو، کە ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق دەستی نابووە بیناقاقای گەلی کورد و نەخشەی تواندنەوەی دەکێشا. لە ڕۆژگارێکی واشدا، بۆ شاعیرێکی کوردپەروەری وەک کاکەی فەللاح، پەندە هەڕەشەئامێزەکان زیندووەدەکرێنەوە و بەرگێکی نوێ و گیانێکی پڕ لە بەرەنگارییان پێ دەبەخشرێت؛ ئەو گیانی بەرگرییەشە کە ئاسۆیەکی ڕوون و سیمای گەشبینی بە دەقەکە دەبەخشێت و مژدەی نزیکبوونەوەی مەرگی دوژمنان ڕادەگەیەنێت. ئەم پێشبینییەی شاعیر، وەک ڕاستییەک، دوای چەند ساڵێکی کەم دێتەدی. شاعیر جارێکی تر هەمان پەند بۆ هەمان مەبەست و بۆ باسی ڕۆژگارێکی هاوشێوەی ساڵانی نێو دەقەکەی پێشوو، لە دەقی «یادی شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ»ـی ساڵی ١٩٥٩ـدا، بەکاردەهێنێتەوە و باس لە چەوسانەوەی گەلانی عێراق لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیی عێراق دەکات، کە لە ئەنجامدا شۆڕشی ناوبراوی لێکەوتەوە:

تا لـە ناکـاوا سوپـای مـەرد، پێشـەوای ئەم میللەتـە
نەعرەتـەی کێشـا کـە کاسـەی زۆڵم و زۆر وا پـڕبووە
پێشـەوای کـورد و عەرەب عەبدولکـەریمی قارەمـان
هەڵمەتـی هێنـاوە وەک شێـری لـەلانـەدەرچـووە
...
کۆشکـی «رەحـاب» بـوو بـە گـۆڕی خـۆفرۆشـانی وڵات
هەرکەسێ چاڵ هەڵکەنێ بۆ خەڵقی خۆی تێیکەوتووە
(ڕۆژنامەی ژین، ١٩٥٩: ٤)

شاعیر لێرە دەستکاریی فۆرمی پەندەکەی کردووە و کردوویەتی بە «کاسەی زۆڵم و زۆر وا پڕبووە»؛ بەڵام بیر و ئامانجی پەندەکە هەر وەکوو خۆیەتی و بەشێوەیەکی شاعیرانە تێکەڵ بە ڕووداوی ناو دەقەکە کراوە. ئەمەش کارێکی ڕێپێدراوە بۆ شاعیر؛ چونکە ئاساییە کە پەندەکان بە شێوەی جۆراوجۆر بخرێنەڕوو؛ گرنگ ئەوەیە وەرگرتنەکە خزمەت بە بیری گشتی دەقەکە بکات. لەم وەرگرتنەدا کاکەی فەللاح سەرکەوتوو بووە. ئەمەش لە بنیاتی وێنە هونەرییەکەی دواتردا ڕەنگیداوەتەوە، کە تیایدا پەندێکی تەواوکاری «هەرکەس چاڵ هەڵکەنێ بۆ خەڵک خۆی تێی ئەکەوێ» دەخزێنێتە ناو بیری دەقەکەوە. بە واتایەکی تر، ئەم پەندە تیاچوونی ڕژێمی پاشایەتی لەسەر دەستی گەلانی عێراق و بە ڕابەرایەتیی عەبدولکەریم قاسم ڕادەگەیەنێت. هەردوو پەندەکە لە چوارچێوەی بیری خۆیاندا بۆ واتا و مەبەستێکی تایبەت بەکارهێنراون و پەیامی ئازادی و ڕزگاریی گەلانی عێراق ڕادەگەیەنن. بەگشتی دەتوانین بڵێین پەندی پێشینان هەمیشە ئامرازێکی کارای بەردەستی کاکەی فەللاح بووە و بەردەوام لەپێناو دەوڵەمەندکردنی بیری دەقە شیعرییەکانیدا بە شێوە و فۆرمی جیاواز بەکاریهێناوە. توانایی و داهێنانی شاعیر لەم بوارەدا، سەرنجی هەندێ لە ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە (بڕوانە: فوئاد، ١٩٧٠: ٢٨).

www.SID.ir

Archive of SID

### ٣-٢- ئەفسانە

ئەفسانە بەشێکی تری ئەدەبی فۆلکلۆریک پێکدەهێنیت؛ وابەستەی قۆناغی سەرەتایی ژیانی مرۆڤە و دەرئەنجامی هەوڵ و گەڕانیەتی لەپێناو بەدەستخستنی وەڵامی پرسیارە بەراییەکاندا. بە واتایەکی تر، ئەو دونیا تایبەتەیە کە مرۆڤ بوونی خۆی و دەوروبەرەکەی پێ لێکداوەتەوە؛ بۆیە دەبێتە کەرەستەیەکی باش بۆ لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگا؛ چونکە «ئەفسانە گوزارشتە لە قۆناغی منالّیی کۆمەڵگا؛ باشترین بەڵگەیە بۆ زانینی بیروباوەڕەکانی خەڵک و جۆری بیرکردنەوە و زانیاری و شارستانییەت و مێژوویان، هەروەها ئەو ئاستە ژیری و هوشیارییەی کە پێی گەیشتوون» (صالح، ٢٠٠٩: ٩).

شاعیر پەرۆشی ئەندێشەفراوانی و بیروردی و تێڕامانی قووڵە. ئەم تایبەتمەندیانەش لە کرۆکی ئەفسانەدا بەدی‌دەکرێن و دەرگای ئەفراندن لە بەردەم شاعیردا واڵادەکەن. دیارە شاعیرانی نوێ عەوداڵی دنیایەکی ترن؛ دنیایەک کە تێکەڵەیەک بێت لە تێڕامانە بەراییەکانی ڕابردوو و خواستە سەردەمییەکانی ئەمڕۆی؛ ئەمەش لە پەنابردنە بەر ئەفسانەدا خۆی دەدۆزێتەوە» (بڕوانە: علی، ١٩٧٨: ١٩-٢٠). هەر لەم گۆشەنیگایەوە، کاکەی فەللاح-یش پەی بە گرنگیی تەوزیفکردنی ئەفسانە بردووە؛ بۆیە لە دەقەکانیدا بەرجەستەی کردوون. لە دەقی «بەستەی جەنگاوەرێکی نەناسراو»دا، کە گیانێکی پڕ لە شۆڕش و نەبەزین و کۆڵنەدانی کورد دەگێڕێتەوە، پەنا دەباتەبەر هەر یەک لە جنۆکە، دێو، سەمەندەر و لە چوارچێوە ئەفسانەییەکەیاندا بیری شیعرەکەی پێ دەوڵەمەند دەکات و پەیامێکی نوێ و ڕەهەندێکی تازەیان لێ بنیاتدەنێت:

چەتــە و جەردەهــای جــۆربەجــۆر
ڕێـیـــــان پێ‌ئەگـــرتم بـــــە زۆر
گوللەیـــان وەک لێزمـــەی بـــاران
بـــەســـــــەر منـــــا دائەبـــاران
...
کـــە ئەیانــــدیمــ ڕانــاوەستمــ
جـا ناتۆرەی جنۆکەیان شوێن‌ئەخستم
جـــارجـــار ئەیانکـــردم بە دێـــو
وەک شێـت و هـــــــــار
یـــان دڕنـــدەی پـــەروەردەی کێـــو
منیـــان زینـدەبەچـــاڵ ئەکـــرد
لە ئاگـرا
منیـــان بە کۆی زوخـــاڵ ئەکـــرد
بــەو هەمـــوو خـــاک و خـۆڵـــەوە
چـــاڵم ئەگـــرت بـــە کـۆڵـــەوە
وەک سـەمـــەنـــــــدەر
لـــە پشکـــــۆ هێلانـــەم ئەکـــرد
لە مردنـا
...

www.SID.ir

Archive of SID

نەتوامـەوە
تـا موعجیـزەی بوونمـ سەپانـد
(کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ٢٠٨-٢١٣)

گەلی کورد لەوەتەی هەبووە چەوسێنراوەتەوە. دوژمنانی هەموو جۆرەکانی زوڵم و کوشتن و برینیان لەسەر تاقی‌کردووەتەوە؛ بەڵام هەر کۆڵی‌نەداوە و سوورتر بووە لەسەر داوا ڕەواکانی. ئەم ڕاستییە تۆوی دەقەکەی شاعیری پێک‌هێناوە و هونەرمەندانە بەستوویەتی بەو کەش و ڕووداوانەی کە باڵایان بە شیعرەکەی کردووە؛ ئەویش ڕۆژگاری دوای ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠یە، کە دەستکەوتگەلێکی بۆ کوردانی باشوور فەراهەم کرد و چوار ساڵ بەردەوام بوو. ئەم پێکەوە بەستنە، ئەو بۆچوونەی سەلاح عەبدولسەبوورمان بیردێنێتەوە، کە دەڵێت «مەسەلەی بەکارهێنانی ئەفسانە لە شیعردا هەمووی لە ئاستێکدا نییە؛ هەندێ‌جار شاعیر بە جۆرێک بەکاری دەهێنێت کە ئەفسانەکە ئاوێتەی ڕەگەزەکانی تری شیعر دەبێت و سیمایەکی داهێنەرانەی پێ‌دەبەخشن» (الحلاوی، ١٩٩٤: ٣٠-٣١).

شاعیر سەرەتا ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی جنۆکە و دێو دەکاتە ئامراز. لەمەشدا دوو پەیام دەگەیەنێت؛ لە یەکەمیاندا، ئەو بووچونە ناقۆڵایەی نووسەری عەرەبی ئەلمەسعوودی-مان بیردەخاتەوە، کە ڕەچەڵەکی گەلی کورد دەباتەوە سەر جنۆکەکانی سەردەمی حەزرەتی سولەیمان (بڕوانە: ئەحمەدی، ٢٠٠٥: ٣١)؛ لە دووەمیشیاندا، ئەو دەلالەتە پڕ لە خراپەکارییەی دێو ئاشکرا دەکات، کە لە ئەفسانەی کوردیدا تاکی کورد لێکی‌داوەتەوە (بڕوانە: مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ١٨)؛ کەواتە هەردوو پەیامەکە بنیاتێکی ئەفسانەییان هەیە.

وێنەیەکی تری ئەفسانەیی، کە لەم دەقەدا سەرنجمان بۆلای خۆی ڕادەکێشێت خۆی لە وشەی «سەمەندەر»ـدا حەشار داوە، کە لە ئەفسانەی کوردیدا لە بارەیەوە وتراوە «جانەوەرێکە لە ناو ئاگردا پەیدائەبێ، دەڵێن وەکوو مشکێکی گەورە وایە و کاتێ کە لە ئاگر بێتە دەرەوە دەمرێت، هەندێک دەڵێن هەمیشە لەناو ئاگردا نییە و هەندێ جار دێتە دەرەوە» (نووری عارف، ٢٠٠٩: ٥٤٤-٥٤٥). کاکەی فەللاح هەمان ڕەهەندی واتایی ناو ئەفسانەکەی بەکارهێناوە؛ بە کۆکردنەوەی ئەم ئەفسانانەش دەقێکی داهێنەرانەی داڕشتووە و دنیایەکی شیعریی وای خوڵقاندووە کە بڵێین مانەوەی گەلی کورد بۆخۆی گەورەترین موعجیزە و ڕاستەقینەترین ئەفسانەی سەردەمە.

ئەوەی تێبینی دەکەین، شاعیر زیاتر لەو دەقانەیدا کە هەڵگری ناوەڕۆکی نیشتمانی و نەتەوەیین، پەنای بردووەتەبەر ئەفسانە. لەمەشدا زیاتر ویستوویەتی گیانی نەبەزینی ئەفسانەئاسای تاکی کورد پیشان بدات؛ ئەوەتا لە دەقی «لە پاڵ کێلێکدا»، بەشێک لە ڕەگەزە ئەفسانەییەکانی دەقی پێشوو بەرجەستەدەکاتەوە و بیری دەقەکەی پێ دادڕێژێت:

سەمەنـدەرێ
ڕۆژێ بـە قـەقنـەسـێ گـەیـێ
وتـێ: وەرە بـا مـن و تـۆ
بـە زمانـی وەک ژیلـەمـۆ
چیـرۆکـی ئـاگـراویمـان

www.SID.ir

Archive of SID

بنـووسینـــــەوە بــە پشکـــــۆ
لە کۆنەوە
لە مەڵبەندی هەزاران کات و شوێنەوە
وتـوویـــــانە و دەیڵێـــنـــــــــەوە:
کە سەمەنـدەر
وەک خــــدر و ئـــــاوی ژیـــــان
هــەڵقـــــولاوی ئەفســـانەیـــــە
پـــــەلــەوەری بـــێ‌لانــــــەیــە
مـــەلێکــــــی بێ‌هێلانـــەیـــــە
وەک چـۆن مـاسی هــەر لـە ئـاوا
توێشەبـــەرەی ژیانـی دەپێچێتـــەوە
بە ڕۆژ و شەو
بــــــۆی بگـــــــەڕێـــــــن
لــە شەپـۆلـــی گـــڕی ســــوورا
دەیدۆزنەوە
(کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ٢٦٣-٢٦٨)

شاعیر لە ڕێگەی هەریەک لە سەمەندەر، قەقنەس، خدری زیندەوە سێ وێنەی چڕی ئەفسانەیی بەرجەستەکردووە؛ قەقنەسیش وەکوو سەمەندەر بوون و ژیان و مردنی بە ئەفسانەوە گرێدراوە؛ ئەمیش شەیدای ئاگرە و گوایە باڵندەیەکی دەنگ‌خۆشە و بە سۆزی خۆی دەسووتێ (بڕوانە: خاڵ، ٢٠٠٥: ٣٤٤). هەرچی خدری زیندەشە، ئەوا لە ئەفسانەی کوردیدا لەگەڵ ئاوی ژیاندا پێکەوە گرێ‌دراون و بوونەتە ڕەمزی نەمری و بەردەوامیی ژیان (بڕوانە: کەریم، ٢٠٠٥: ٨٩).

ئەم دەقەی شاعیر لە ساڵی ١٩٧٧دا نووسراوە، کە تیایدا تازە خەباتی چەکداری شۆڕشی نوێ دەستی‌پێکردبوو؛ تروسکاییەک لە هیوای بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گەڕاندبووەوە؛ دوای ئەوەی کە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ تەواو بێ‌ئومێدی کردبوون. هەر بۆیە، جارێکی تر ڕابوونی شۆڕش ئەوەی بە ڕژێمی ئەوکاتەی عێراقی ڕاگەیاند، کە کۆتایی‌هاتنی کورد هاوشێوەی سەمەندەر و قەقنەس، پەروانە و خدری زیندە و ئاوی ژیان ئەفسانەیە:

کـەی هـونەری جـوانەمەرگی و
گڕپــەرستی بـــۆ بێ‌هــەست و
گیانێکـــی وەک پەروانـــەیـــە
ئـەو بەهـرەیە
بۆ مرۆڤی ڕاکشاوی ئەو خاکەیە
(کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ٢٦٨)

www.SID.ir

Archive of SID

**۳-۳- گۆرانی**

گۆرانی بریتییە لەو شیعرە فۆلکلۆریانەی کە ناوەڕۆکێکی لیریکیان هەیە. ئەم شیعرانە هەڵگری هەست و سۆزی تاکی کوردن کە بە شێوەیەکی سادە دەریانبڕیوە. بە بڕوای عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ، «گۆرانی کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆرە» (۱۹۷۹: ۷۵). هەر یەک لە سادە و ساکاری، بەربڵاوی، میللیبوون، ڕەسەنایەتی لە خەسڵەتە دیارەکانی گۆرانیی کوردین. سروشت و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی لە ڕووی ئاوازدارییەوە، یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ دەوڵەمەندیی فۆلکلۆرمان لە بواری گۆرانیدا. ئەم لایەنەش سەرنجی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و لەو ڕووەوە ئەبۆڤیان پێیوایە تاکی کورد گیانی شاعیرانەی تێدایە و لە گۆرانیوتندا بەتوانان (۱۰).

کاکەی فەللاح-یش چ وەک تاکێکی ئەو گەلە و چ وەک شاعیریش، خۆی بێبەش نەکردووە لەم سامانە نەتەوەییە؛ هەرچەندە بەراورد بە بەشەکانی تری فۆلکلۆر، کەمتر سوودی لە گۆرانی وەرگرتووە. بەبڕوای ئێمە هۆکارێکی ئەم حاڵەتە بۆ ئەوەیە کە بەشی گەورەی گۆرانیی کوردی خۆی لە وەسفی جوانی و خۆشەویستی ئافرەتدا دەبینێتەوە؛ کاکەی فەللاحیش، بە دەگمەن نەبێت، شیعری بۆ جوانی و خۆشەویستیی ئافرەت نەنووسیوە، کە بە بڕوای ئێمە ئەمە تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی شاعیرە.

بەم جۆرە بە وردبوونەوەمان لە بەرهەمە شیعرییەکانی، دەبینین تەنها لە دوو دەقدا پەنای بردووەتەبەر گۆرانی؛ لە هەردووکیشیاندا تەنها دێڕێکی وەرگرتووە. لە دەقی «دەزانی بۆ؟»دا، «پەردەیەکی ڕەشبینیی چڕ دەستیگرتووە بەسەر تاقیکردنەوە شیعرییەکەدا؛ ئەو ڕەشبینییە ئەگەرچی بەشێکی لە واقیعە سیاسییەکەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵام زیاتر بەرەوە چوارچێوە کەسیەکە چۆتەوە» (قادر کەریم، ۲۰۰٦: ۱۰۷). هەر ئەم بارەشە وای کردووە پەنا بباتەبەر دێڕەشیعرێکی ناو گۆرانیی فۆلکلۆری «خەبەر بەرە بۆ خزمانم / ئاگر بەربۆتە خەرمانم »، کە هەمان هەستی تێدا زاڵە:

دەزانـــی بـــۆ مـــن وەک تـــــۆ نیم،
پـەرت و پـەریـشـــــانم، کـــۆ نیـــم؟
«خــــەبـەر بـــەرە بـــۆ خزمـــــانم
ئـاگـــــر بـەربـۆتـــە خـەرمـــــانم»
ناخـــــی خــــەمم هێنــــدە قووڵـــە
بوومـەلـــــەرزەی هیـــچ خۆشییەک
ئـەم دنیــایـــــە بهـــەژێنــــــــێ
دەریـاکــــەم ناخــــاتــــە جووڵـــــە
(کاکەی فەللاح، ۲۰۰٤: ۳۰۵-۳۰٦)

شاعیر لە دەقی «شیعریش ئەگری»دا، کە بۆ جوانەمەرگبوونی دوو کچی شاعیر حەسیب قەرەداغی، نووسیویەتی، زۆر بە شێوەیەکی هونەرمەندانە سوودی لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە و دەڵێت:

www.SID.ir

Archive of SID

کـە مـن هــاتم
هـــەنیـــســـکــــ ئـــەیــــــوت:
لـەبـــەر دوو جوانـــەمـــەرگـــەکـــە
جــــارێ گـــەروو جـــێ نـایــەڵـم
لـــەبـــــــــەر گـــــــــریــــان
کـە مـن هـاتم
فەرهـــەنگـــــی خەمـەکــەی بابـــە
هـــەر گـــەورە و گـــەورەتر ئــە بـــوو
نـــەک هـــــــەر کـــــــــــەژاڵ
وا بـەهـــــاریشی گـــــرتـەخـــــۆ
کـە مـن هـاتم
گـــوێم لـــە ناڵـــە و شیوەنــێ بـــوو
هـــەر ئـــەیـــوت و ئـــەیـوتـــــەوە
«هەر کـۆچ کۆچت بوو، کۆچ نەبڕایەوە
کـــۆچ بـــوو بـــە ئاگـــر نەکـــوژایەوە»
(کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ٣٦٦-٣٦٧)

شاعیر بێ هیچ دەستکارییەک، گۆرانییەکەی «هەر کۆچ کۆچت بوو، کۆچ نەبڕایەوە / کۆچ بوو بە ئاگر نەکوژایەوە»ـی وەرگرتووە (زامدار، ١٩٧٥: ٢٥) و بە شێوەیەکی جوان کردوویەتی بە تەواوکەری ئەو کۆستە گەورەیەی کە بەر حەسیب قەرەداغیی شاعیر کەوتووە؛ بەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دوو کچی بە ناوەکانی کەژاڵ و بەهار کۆچی دواییان کرد. بیر و ئاوازی خەماویی گۆرانییەکە هاوئاهەنگن لەگەڵ بیر و ئاوازی دەقەکە بەگشتی؛ ئەمەش سەرکەوتن بۆ تەوزیفکردنەکە مسۆگەر دەکات.

### ٣-٤- حیکایەت (چیرۆک / سەرگوزەشتە)

بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریکی کوردی هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن. حیکایەت یان چیرۆکی گوێ ئاگردان بۆخۆی «بەروەپێشچوونێکی مێژوویی ئەفسانەییە و لە ڕووی فۆرم و دارِشتنەوە لەو ئەچێت... کەرەسەی ئەفسانە لە خەیاڵ و پڕپووچەوە وەرگیراوە، بەڵام کەرەسەی چیرۆک لە ژیانەوە وەرئەگیرێ» (مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٢٤). بە واتایەکی تر، حیکایەتە فۆلکلۆریکەکان زادەی سەردەمی ژیار و ژیربوونی مرۆڤن؛ هەر بۆیە گەر هەندێ زیادەڕۆیی خەیاڵیان تێدابێت ناگاتە ئەو ئاستەی لە ئەفسانەدا هەیە. هەریەک لە ڕەگەزەکانی وەک کەسایەتی، ڕووداو، شوێن، کات، دیالۆگ بە زمانێکی سادە و ساکار پێکەوە گرێدراون و ڕووداوێک یان زیاتر دەگێڕنەوە کە لە ژیانەوە زۆر دوور نییە. پاڵەوان و ڕووداوی ناو ئەم حیکایەتانە، بە هۆی بەربڵاوی و ئاشناییان لای خەڵک، زۆر جار دەبنە کەرەستەی شیعری و شاعیری نوێخواز پەنایان دەباتەبەر.
کاکەی فەللاح وەک شاعیرێک لە هەندێ دەقدا سوودی لە حیکایەت ی فۆلکلۆری وەرگرتووە. ئەم سوودوەرگرتنە هەندێ جار تەنها لە ڕووی هونەرییەوە بووە؛ بۆ نموونە سەرەتای هەردوو دەقی «نیرۆن چیرۆک بە هەڵبەست»، «چوار دلۆپی قەتیس‌ماو»، بە «هەبوو... نەبوو» دەستپێدەکات. ئەم

www.SID.ir

Archive of SID

سەرەتایەش، کلیل و ناسنامەی حیکایەتی فۆلکلۆریکە و و لەگەڵ بیستنیدا گوێگر دەکەوێتە بیرکردنەوە و سەرسوڕمانەوە؛ سەرسوڕمان لەوەی چی هەیە و چی نییە؟ ئەمەش بەشێکە لە فەلسەفەیەکی دوانەیی، کە دڵنیایی و گومان لە هەر یەکەیان ڕێژەیەک لەویتری بەرکەوتووە (بڕوانە: ئیبراهیم حەسەن، ۲۰۰۷: ۳۰۲-۳۰۳).

کاکەی فەللاح-یش، ئەو «هەبوو... نەبوو»ەی کردووە بە دەروازە بۆ دوو دەقی ناوبراو، کە هەر دووکیان چیرۆکی ڕووداوی ڕاستەقینە دەگێڕنەوە و دڵنیایی لە ڕوودانیاندا ڕوونە. هەر بۆیە، بە لای ئێمەوە هۆکاری بەکارهێنانی ئەم شێوازی دەستپێکردنە لای شاعیر، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو دەقەکە چیرۆکەشیعرن. لە دەقی «نیرۆن»دا، شاعیر دڕندەیی نیرۆنی ئیمپراتۆری ڕۆمانی دەگێڕێتەوە و لە دەقی «چوار دڵۆپی قەتیس‌ماو»یشدا، باس لە چیرۆکی کۆچکردنی چوار منداڵی هونەرمەند دەکات؛ ئەوەتا لە دەقی نیرۆندا دەڵێت:

لـــە دەوری کۆنـــی ڕابـــردوو
هەبـوو نەبوو «نەیروون»ـێ بـوو
نـەیروونـــی خوێنڕێـــژ و زۆردار
جـــانەوەرێ بـــوو شێت و هـــار
تەنهـــا بەنـــاو ئادەمیـــزاد بـوو
دڕنــــدەیەکـــی بـەربـــاد بـوو
(کاکەی فەللاح، ۲۰۰٤: ۱۳۳)

لە دەقی «چوار دڵۆپ فرمێسکی قەتیس‌ماو»یشدا دەڵێت:

منداڵەکان!
ئەی باڵـداره بێباڵــەکــان
هـەبـــــوو، نەبـــــــوو
ڕۆژگـــــــارێ بــــــــوو
بـەهـــــــارێ بــــــــوو
دەشتودەری ڕازاوە بـــوو
گوڵەباخی گەشـــاوە بـــوو
دەمێ ئاونگ، دەمێ بـــاران
سـەوزایی و فەڕیان ئە بـاران
(کاکەی فەللاح، ۲۰۰٤: ۱۹٦)

شاعیر بۆ بنیاتنانی چیرۆکی ڕووداوە کۆن و نوێیەکانیش، هەمان شێوازی دەستپێکی بەکارهێناوە؛ چونکە دەزانێت دەربڕینی هەبوو... نەبوو، لە قووڵایی نەستی خوێنەر و گوێگردایە. هەر لە چوارچێوەی زیندووکردنەوەی حیکایەتە فۆلکلۆریکەکاندا، کاکەی فەللاح لە دەقی «پەپوولەکان»دا، ئاماژە بە حیکایەتی فۆلکلۆریکی «هەزار و یەک شەوە» دەدات و بە شێوەیەکی داهێنەرانە ئاوێتەی شیعرەکەی دەکات:

www.SID.ir

Archive of SID

ئـەم وڵاتـــە
دارستـــانـی کـــارەســـاتـــە
ئەم هـــەزارو یەک شــەوەیـــە
شـــارە و هـــی زەردەواڵـەیـــە
فاشستەکـان
گورگــە ڕەگـــەز پەرستەکـــان
پــڕ بـە دنیــا ئـەلـــــوورێنن
تامـەزرۆی فرمێس ک و خوێنن
(کاکەی فەللاح، ۲۰۰٤: ۳٤۷)

سەرباری ئەوەی ئەم دەقە چوارچێوەیەکی کەسی هەیە و خۆی لە تاسەی دووریی شاعیر بۆ نەوەکانی، ژیوار و سانا و سۆمادا، دەبینێتەوە، دەشچێتە نێو خەمە گشتییەکەی کوردان لەو ساڵە (۱۹۸۸)ـدا، کە بۆ کوردانی عێراق بە شوومترین ساڵی سەدەی بیستەم دادەنرێت،؛ چونکە ڕژێمی بەعس تێیدا دەستی‌کرد بە پرۆسەکانی کیمیاباران‌کردنی هەڵەبجە و ئەنفال؛ ئەمەش برین و خەمێکی نەبڕاوەیە. بەستنەوەشی بە حیکایەت ی هەزار و یەک شەوە، لە خزمەت ئەو بیرەی دەقەکە هاتووە و بە شێوەیەکی ئۆرگانی‌کی و بۆ گەیاندنی مەغزای نەهامەتییەکی بێکۆتایی نوێ بەرجەستەکراوە؛ چونکە یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکان، کە لە پشت داهێنانی حیکایەت ی هەزار و یەک شەوەوەیە، درێژەدان و نەبڕاوەیی باس و حیکایەت ەکانە. ئەمەش نەخشەڕێگای شەهرەزادی شاژن بووە لە پێناو ئەوەی جڵەوی بیری شەهریاری پاشا ڕابکێشێت و خۆی لە کوشتن ڕزگار بکات (بڕوانە: کحلی خلیدە، ۲۰۱۲-۲۰۱۳: ۱۷۹-۱۸۰). تەوزیف‌کردنی حیکایەتی فۆلکلۆری بەم چەشنە دەبێتە سەرچاوە بۆ وێنە و بیرێکی تازە و لەگەڵ خۆیدا خوێنەر پەل‌کێش دەکات.

### ۳-۵- داب‌ونەریت

کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تر، خاوەنی کۆمەڵێک ڕەوشت و داب‌ونەریتە. لە بەشێک لەم داب‌ونەریتانەدا لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێیدا هاوبەشە و بەشێکی تریان تایبەتە بە کورد خۆی. هەروەک چۆن بەشێک لە داب‌ونەریتەکان بەستراون بە کات و وەرزێکی دیاری‌کراوەوە و بەشێکیشیان کراوەن و دەکرێت لە هەموو کاتێکدا ئەنجامبدرێن، هەندێک لە داب‌ونەریتەکان بەپێی گۆڕانی ڕۆژگار گۆڕاون یا هەر نەماون و بەشێکی تریان تا ئێستاش کەم و زۆر پەیڕەودەکرێن (بڕوانە: ئیبراهیم عزیز، ۱۹۸۸: ۱۳)؛ نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بە لای هەندێ کەسەوە پەیڕەوکردنیان کارێکی پیرۆزیشە. کاکەی فەللاح، وەکوو کەس و وەک شاعیر، لە هەندێ دەقدا سوودی لەم سەرچاوە خۆماڵییە وەرگرتووە و لە بنیاتی شیعرەکانیدا بەرجەستەی‌کردووە؛ ئەوەتا لە دەقی «فەلسەفەی ژیان»دا، سەرنجمان بۆ نەریتی «تۆڵەسەندن» ڕادەکێشێت:

هەندێکیش ئەڵێن ژین: شەڕکردنە
بـــۆ تۆڵەسەنـــدن هێـــرش‌بردنـە
(کاکەی فەللاح، ۲۰۰٤: ۱۱۰)

www.SID.ir

Archive of SID

ڕاستە میللەتی کورد میللەتێکی لێبوردەیە، بەڵام هەرکاتێک تاکی کورد هەستی بەوە کردبێت کە دەچەوسێنرێتەوە و دەویسترێت زیاتر ژێردەستە بکرێت، ئەوا تۆڵەسەندنەوەی بە ئەرکی خۆی زانیوە؛ نەک هەر ئەوە بەڵکوو بێدەنگبوون و بێهەڵویستیی بە کاری نامەردانە لە قەڵەم داوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێ ناوچە خەڵک دەکەوێتە نێوان شەڕکەران و ئاشتەوایی ڕوودەدات (بڕوانە: بایەزیدی، ١٩٨٢: ٥٥، ٧٤). لێرەدا کاکەی فەللاح وێنەی بیرکردنەوەی بەشێکی کۆمەڵگای کوردیی بۆ گرتووین؛ ئەو بەشەی کە باوەڕی تەواوی بە تۆڵەسەندنەوە هەیە. ئەمە لە کاتێکدایە خودی شاعیر بەردەوام هەڵگری بیروباوەڕێکی ئاشتیخوازانە بووە و ئەمە لە نێو شیعرەکانیدا وەک ئەوەی بە ڕوونی لە دەقەکانی «بەستەیەک»، «کونەپەپوو» و «تاسەیەک»دا دەبینرێت (بڕوانە: کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ٣٨، ٤٨، ١٥٨).

نەریتێکی تر لەو نەریتانەی لە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیردا ڕەنگیداوەتەوە، نەریتی پرسەگێڕان، شین و شەپۆڕ و قوڕپێوانە، کە لە دوای لەدەستدانی ئازیزێک یا کەوتنی کۆستێک ئەنجامدەدرێت. ئەوەتا شاعیر لە دەقی «بۆ هیوای خوشکەزام» پەردە لەسەر ئەو بارە دەروونییە نائارامە لادەبات، کە شەهیدبوونی هیوای جوانەمەرگ لای شاعیر و بنەماڵەکەی جێیهێشتووە و دەڵێت:

لــە دوورەوە کـــە هەواڵی جەرگبــڕی تۆم بـــۆ هــات
مەلی تاسـەم هەڵفـڕی بــۆ ئاسمانێکـی کـش و مـات
...
گــوێ شل بکا بـــۆ شیوەنی گــەرم و گــوڕی ڕۆڵەڕۆ
دایک و باوک و خوشک بە تۆ ڕەنجبابردووی ڕەنجـەڕۆ
ئاخ کۆستی تــۆ، وەک گوللەکە، چـزا بەسـەر دڵمانـا
کولانـــەوەی زامـــی ناسـۆر هـەر ئـەژی لـە گەڵمانـا
(کاکەی فەللاح، ٢٠٠٤: ٢٣٢-٢٣٣)

لەبارەی ئەم نەریتە لای کوردان، مەلا مەحموودی بایەزیدی دەڵێت «ئەگەر گەنجێک مردبێ شینی گەرمی بۆ دەگێڕن، غەمگین دەبن و جلی ڕەشی بۆ لەبەر ئەکەن» (١٩٨٢: ٢٩). هەر لە چوارچێوەی ئەم نەریتەدا لە دەقی «پەپوولە پایزە»دا دەڵێت:

کە باڵدارێ
لە هێلانـەی گـەرموگــوڕا
بــەچکـــــە ئــەکــــا و
بـــــە هــــــەر هـۆیـــــەک
هێلانـەکەی لێ ئەشێوێ
دڵــەی کەساسم لێــرەوە
لەگــەڵ ئەوا قوڕئەپێــوێ
(کاکەی فەللاح، لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی)

www.SID.ir

Archive of SID

شاعیر لێرەدا پەنای بۆ نەریتی قورپێوان بردووە؛ ئەمەش لووتکەی دەربڕینی خەم و پەژارەیە و لە کاتی لەدەستدانی کەسێکی زۆر ئازیزدا ئەنجام دەدرێت (بڕوانە: کۆمەڵە نووسەر، ٢٠٠٩: ٦٤). هەستناسکیی شاعیر و خۆشەویستی بۆ باڵندە لە پەیبردنی بۆ ئەم نەریتە ڕەنگیداوەتەوە؛ بۆیە دەبینین لەگەڵ شێوانی هێلانەی باڵدارەکەدا، دڵی شاعیر کۆستی دەکەوێت و دەبێتە هاوبەشی و لەگەڵیدا قوڕدەپێوێت.

### ٣-٦- یاری

یاری ڕایەڵەیەکی بەهێزی نێوان مرۆڤ و کەلەپوورە؛ پێویستییەکی سروشتی مرۆڤە و هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیدا باڵادەکات تاکوو پیر دەبێت. هەموو تەمەنێکیش کۆمەڵە یارییەکی تایبەت بە خۆی هەیە؛ بەوەش، یاری دەبێتە «بەشێکی گرنگ لە سامانی نەتەوایەتی، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا. لە هەمان کاتدا، لەگەڵ بەشەکانی تردا یەکتر تەواودەکەن و ئەڵقەکانی ئەو زنجیرە پڕدەکەنەوە کە پێی دەگوترێت فۆلکلۆر (فەخری، ١٩٩٣: ١٧).

کەلەپووری گەلی کوردیش سەرمایەیەکی بەنرخی لە یاریدا هەیە، کە لە زۆر کۆنەوە جێی خۆی لە ناو لاو و جوان و پیردا کردووەتەوە (بڕوانە: نەبەز، ١٩٨٣: ٨). کاکەی فەللاح، گەر بە کەمیش بێت، سوودی لە یارییە فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە و بەرگێکی نوێی بەبەرداکردوون. یەکێک لەو یارییانەش، یاریی «خاڵخاڵۆکە»یە. ئەم یارییە وا ئەنجام دەدرێت کە کۆمەڵێك منداڵ کۆ دەبنەوە و خاڵخالۆکەیەک دەخەنە سەر دەستی یەکێکیان و لێی دەپرسن: خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵم لە کوێیە؟ تا دەفڕێت؛ لە ئەنجامدا بە هەر لایەکدا فڕی مناڵەکان شوێنیدەکەون و مانای وایە ماڵی خاڵ لەو لایەدایە؛ تاوەکوو خاڵخاڵۆکەکە لە چاوان وندەبێت و بەم شێوەیە یارییەکە دووبارە دەکەنەوە (حسن قادر، ٢٠١٩). بە سوودوەرگرتن لەم یارییە، کاکەی فەللاح دوا دەقی ژیانی خۆی هەر بەناوی خاڵخاڵۆکەوە دادەڕێژێت و دەڵێت:

خاڵخاڵۆکە
ماڵی خاڵم لە کوێیە؟
تۆ ئەیزانی
لە شارە یان لە دێ یە
بە شوێن تۆدا
من فڕینم حەز لێیە
ماڵی خاڵت
ئێستە لەوێ نەماوە
کانی وشکە
کارێزەکەی بێئاوە
دار و درەخت
بۆخۆی زەردهەڵگەڕاوە
بێدووکەڵە
هەموو ئەو ناوەناوە
هەرچی مەلە
هێلانەیان شێواوە
نە باعەباغ

www.SID.ir

Archive of SID

شـوان شمشـاڵـی شکـــاوه
نــه شـاییــه
نـــه سـەیرانـــه نـــه ڕاوه
بۆ کویٚ ئەچی؟
کـیٚ ئەڵـیٚ خاڵــۆش مــاوه
هەتا زووه با بگەڕیٚینه دواوه
(کاکەی فەللاح، له شیعره بڵاونەکراوەکانی، مێژووی ئەیلوولی ۱۹۹۰ـی لەسەره)

شاعیر تەنانەت له ڕووی فۆرم (کێش و سەروا و زمان)ـەوه سوودی له یارییەکه وەرگرتووه، بەڵام ناوەڕۆک و بیرێکی سیاسیی تازەی پیٚ بەخشیوه و پەردەی لەسەر ئەو کاولکارییه لاداوه که له هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی ڕژێمی لەناوچووی بەعس بەسەر دێهاتەکانی کوردستاندا هاتبوو و تەنانەت سروشتی دێهاتەکانیش لەو وێرانکارییه بیٚبەش نەبوون. بەم جۆره، شاعیر له ڕێگەی یارییەکەوه ڕابردووی به ئێستاوه گریٚداوه و مەغزایەکی دەوڵەمەندی پیٚ بەخشیوه.

**۴- ئەنجام**

ئەو واقیعه سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییه نوێیەی، که له چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم له باشووری کوردستان هاتەکایەوه، له شیعریشدا تەکانێکی به لایەنی نەتەوەیی دا؛ یەکێک لەو هەنگاوانەش خۆی له بایەخدانی شاعیرانی نویٚ به کەلەپووری دەوڵەمەندی کوردی دەبینێتەوه و ئەمه له فۆرم و ناوەڕۆکی دەقه شیعرییەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوه. پیرەمێرد دەرکەوتووترین شاعیری نوێی کورده که به شێوەی جۆراوجۆر بایەخی به بەشه جیاوازەکانی کەلەپووری میللی داوه و سیمایەکی دیاری بەرهەمه شیعرییەکانیشێتی.

کاکەی فەللاح دووەم شاعیری نوێخوازی کورده که گرنگیی به سامانی کەلەپوور داوه؛ لەم هەنگاوەشدا جیٚپەنجەی پیرەمێرد دەبینین؛ هەرچەنده بۆ خۆی دانیپێدانانێت، ئەمه ئەگەر بەشێکی له درێژەدان به چاپکردنەوه و بڵاوکردنەوەی پەنده پێشینانەکانی پیرەمێرد و چاپکردنەوەی حیکایەته کەلەپوورییەکان و چەند بەرهەمێکی تر و بایەخدانی تایبەتی به فۆلکلۆر له ڕۆژنامەی ژین، که بۆ ماوەی چوارساڵ (۱۹۷۰-۱۹۷٤) دەریکردووه، خۆی ببینێتەوه، ئەوا بەشەکەی تری له ڕەنگدانەوەی زۆری فۆلکلۆر له دەقه شیعرییەکانیدا دەبینرێت. کاکەی فەللاح له ڕووی چەندێتییەوه، به پلەی یەکەم سوودی له پەندی پێشینان، پاشان هەر یەك له ئەفسانه و گۆرانی و حیکایەت و دابونەریت و یاری وەرگرتووه. کاکەی فەللاح له ڕووی چۆنێتییەوه، هونەرمەندانه مامەڵەی لەگەڵ بەشه جیاوازەکانی کەلەپووردا کردووه؛ زۆربەی کات داهێنەرانه ئاوێتەی کەشه شیعرییەکەی کردوون و بۆ گەیاندنی بیر و پەیوەندیی نویٚ هێناونی.

www.SID.ir

Archive of SID

## سەرچاوەکان

### کوردی:


ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٢). *گۆران: نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی*. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

ئیبراهیم حەسەن، مەولوود (٢٠٠٧). *پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی*. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

ئیبراهیم عەزیز، عومەر (١٩٨٨). *هەندێ داب‌ونەریتی باوی کوردەواری*. بەغدا [؟].

بایەزیدی، مەلا مەحموود (١٩٨٣). *داب‌ونەریتی کوردەکان*. وەرگێڕانی شوکریە ڕەسووڵ، بەغداد: چاپخانەی العدالة.

پیرەمێرد، حاجی تۆفیق بەگ (٢٠١٠). *دیوان*. ٣ بەرگی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

حەسەن قادر، عەبدوڵڵا (٢٠١٩). «چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن قادر (کەلەپوورناس)». *گەرمیان* (٣/ ٣).

حوسێن، هیمداد (٢٠٠٧). *ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی کوردی*. کەرکووک: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

حەمەئەمین قادر، حەمە (کاکەی فەللاح) (١٩٥٩). «یادی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ». ڕۆژنامەی *ژین*، ژمارە ١٩٨٤ (٢/ ١١).

--- (١٩٨٠ئەلف). *دیوان*. عیزەدین مستەفا ڕەسوول پێشەکی بۆ نووسیوە، بەغداد: چاپخانەی الحوادث.

--- (١٩٨٠ب). *کاروانی شیعری نوێی کوردی*. بەغداد: چاپخانەی حسام.

--- (٢٠٠٤). *دیوان*. کۆکردنەوەی بنەماڵەی شاعیر، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

--- (؟). دەستنووسی شیعرە بڵاونەکراوەکانی.

خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥). *فەرهەنگی خاڵ*. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

خەزنەدار، مارف (٢٠١٠). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی شەشەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم.

ڕەسووڵ ئیبراهیم، شوکریە (١٩٨٤). *ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*. بەشی دووەم، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

زامدار، مەحموود (١٩٧٥). *بۆنی هەڵاڵان دێ*. بەغداد: چاپخانەی الزمان.

شارەزا، کەریم (٢٠٠٥). *ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا*، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

فەخری، نەسرین (١٩٩٣). *یاری لە کوردەواریدا*. بەرگی یەکەم، بەغداد: چاپخانەی دارالحریة.


www.SID.ir

Archive of SID

فوئاد، ئیحسان (۱۹۷۰). «دەقی کاروانی وشە لە تەرازووی ڕەخنەدا». گۆڤاری *برایەتی*، ژمارە ۷، تشرینی یەکەم.

کەریم، تۆفیق (۲۰۰۵). *کاریگەری ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد: ئەفسانە*. بەرگی دووەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

کەریم، فەرهاد قادر (۲۰۰٦). *ڕێبازی شیعری کاکەی فەللاح*. نامەی ماستەری کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

کۆمەڵێك نووسەر (۲۰۰۹). *سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە*. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم.

گۆران، عەبدوڵڵا (۱۳۸٤). *دیوان*. تاران: چاپخانەی داڵاهۆ.

محەمەد مەحموود، شنۆ (۲۰۱۲). *دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا*. سلێمانی: چاپخانەی بینایی.

مستەفا ڕەسووڵ، عێزەدین (۱۹۷۹). *لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*. سلێمانی: چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، چاپی دووەم.

موکری، کامەران (۱۹۸٤). *ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*. بەشی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

نەبەز، تۆفیق (۱۹۸۳). *هەندێك لە یارییە ڕەسەنەکانی کوردەواری*. بەغداد: چاپخانەی الحوادث.

نووری عارف، محەمەد (۲۰۰۹). *فەرهەنگی نالی، سالم، کوردی*. هەولێر: ئاراس.

**عەرەبی:**

الحلاوي، يوسف (١٩٩٤). *الاسطورة في الشعر العربي المعاصر*. بيروت: دار الاداب.

صالح، عبدالرزاق (٢٠٠٩). *الاسطورة والشعر*. دمشق: دار الينابيع.

على، عبدالرضا (١٩٧٨). *الاسطورة في شعر السياب*. بغداد: منشورات وزارة الثقافة والفنون.

كحلي خليده، ماهر (٢٠١٢-٢٠١٣). *أثر الف ليلة وليلة في الشعر العربي المعاصر*. رسالة ماجستير، كلية الاداب، اللغات والفنون، جامعة وهران، الجزائر.

ميراوي، عبدالوهاب (٢٠١٥). «التراث الشعبي و حداثة النص الشعري المعاصر». مجلة *الثقافة الشعبية*، العدد ٣٠، صيف.

www.SID.ir